# یەکی ئایار لەنێوان ئەنارکیستە سەندیکاییەکان و مارکسیستەکاندا



نووسینی: ئەنوەر نەجمەدین

١ ئایار ٢٠١٨

نابێت چینی کرێکار، دەرئەنجامی کۆتایی ئەم خەباتە ڕۆژانەیەی، گەورەتر لە خۆی  نیشان بدات. واتە نابێت لە بیریان بچێت ئەوان لەو خەباتەیاندا، تێدەکۆشن دژی دەرئەنجامەکان نەک دژی هۆکارەکانی ئەو دەرئەنجامانە.

کارل مارکس

# پێشینەیەکی مێژوویی:

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٠ و ١٨٩٠ دا، بەرهەمهێنانی ئاسن لە پێنج وولاتی بەرهەمهێنی جیهاندا، بە تایبەت لە ئەمریکادا، گەشەیەکی خێرا دەکات و بەرهەمهێنانی ئەو کەرتە پیشەسازیە، لە ١١ ملیۆن تەنەوە بەرزدەکاتەوە بۆ ٢٣ ملیۆن تەن. ئەمەیش هەر تەنها هێڵی ئاسنین و گواستنەوە برەو پێنادات و بەس، بەڵکو لەنێوان ساڵەکانی ١٨٧٢-١٨٧٧ دا، نرخی پێداویستیە گرنگەکانی ژیان و کەرەسەی خاویش، بەتایبەت دانەوێڵە ٣٥% و لۆکە ٥٠% بەرزدەکاتەوە. لە بەرامبەریشدا، نرخی ئاسن خۆی ٥٠% دادەبەزێت.

بەڵام گەشەی پیشەسازی و کشتوکاڵی ئەمریکی و سستبوونی ئابووری ئەوروپی و زیادبوونی بێکاری لە ئەوروپای خۆرئاوا ئەوروپای خۆرهەڵات و سکەندناڤیەدا، هەر نابێتە مایەی هەڵلوشینی هێزی کار لە ئەوروپاوەو کۆچ کردنێکی بە لێشاوی کرێکارانی شارەزا بەرەو ئەمریکاو بەس، بەڵکو لە هەمانکاتدا زەمینەی قەیرانێکی ئابووریی فراوان لە ئەمریکادا ساز بکات، قەیرانێک کە بە هەمان خێرایی، بە هەموو دەمارەکانی ئابووریی سەمایەداریی جیهاندا تێدەپەڕێت، بەتایبەت ئەوروپاو ڕوسیا. وە بەپێی (National Bureau of Economic Research - مەکتەبی نیشتمانی لێکۆڵینەوە ئابووریەکان) ی ئەمریکا، ئەو وولاتە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٢-١٨٨٥ دا، زیاتر لە هە ر شوێنێکی تر، بەر ئەو قەیرانە قووڵە دەکەوێت، بە ئاستێک کە هیچ قەیرانێکی جیهانی لەوەوبەر، ئەوەندە قووڵ و بەر فراوان نەبووە. وە لەگەڵ ئەوەی لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٩-١٨٨٢ دا، ئەمریکا پارسەنگێکی ئینترناسیۆنالیستی ئابووریی گونجاوی هەبووە، بەڵام داچوون و چوونەوەیەکی ئابووریەکەی هەر بەردەوام دەبێت.

ئا ئەم جۆرە قەیرانە ئابووریانە، ئەو بوومەلەرزە پیشەسازیە جیهانیە بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات کە چیتر جیهانی بازرگانی لە بەردەمیدا، خۆی بۆ ناپارێزرێت لە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیە پڕ لە ناکۆکیەکانی؛ وەک ئیفلاسی فراوان، بێکارخستنی ژمارەیەکی زۆر لە دەستی کار، داگرتنی کرێی کاری کرێکاران. ئەمانەیش مانگرتن و خۆپیشاندانی فراوان و داخستنی کارگەکان بە دوای خۆیاندا بەکێش دەکەن. بە ئاستێک کە لە ساڵی ١٨٨١ دا، ٤٧٧ مانگرتنی کرێکاری لە ئەمریکادا ڕوودەدات. لە ساڵی ١٨٨٣ دا، ٥٠٦ مانگرتن و لە ساڵی ١٨٨٥ دا، ٦٩٥ مانگرتن و لە ساڵی ١٨٨٦ یشدا، ١٥٧٢ مانگرتنی کرێکاری ڕوودەدات کە تێکڕا زیاتر لە ١ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کرێکار تیایا بەشدار دەبن. ئەم زنجیرەیەیش لە خەباتی چینایەتی بەردەوام دەبێت و درێژ دەبێتەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیست کە بەرزترین پلە تۆمار دەکات لە خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئەمریکادا. لە ساڵی ١٩٠٣ دا، ئەو دەمەی کرێکارانی ئەوروپاو ڕووسیایش لەگەڵ کرێکارانی ئەمریکادا، لە مارشێکی ئینترناسیۆنالیستیدا یەکیان گرتبۆوە، ژمارەی مانگرتنە کرێکاریەکانی ئەمریکا، دەگاتە ٣٦٤٨ مانگرتنی توندوتیژ. واتە لە نێوان کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستهەمدا، بۆشاییەک نادۆزرێتەوە لە خەباتی کرێکارانداو بەردەوامیش داخوازیە کرێکاریەکان لە بەرزبوونەوەدا دەبن. وە هەر لە ژانی ئەو قەیرانە قووڵە ئینترناسیۆنالیستیەو ئەو مارشە پرۆلێتاریە ئینترناسیۆنالیستیەوە، لە ساڵی ١٩٠٥ دا، شۆڕشی سەدەی بیستهەمیش لە دایک دەبێت و سۆڤیەتە کرێکاریەکانی ڕووسیا، پڕ بە جیهان هاوار دەکەنەوە: بژی کۆمۆنە! ئاراستەی ئەو بزووتنەوانەیش؛ چ لەسەر ئاستی نیشتمانی و چ لەسەر ئاستی ئینترناسیۆنالیستی، هەر لە چوونە پێشەوەدا دەبێت تا ئەوکاتەی سۆشیال-دیموکراتەکان و سەندیکاییەکان، لە هەموو شوێنێک، لە ئەمریکا وەک ڕووسیا، جڵەوی بزووتنەوەکەی تێدا دەگرنە دەست. وە وەک گەلێ جێگای تر، نەرێتی سەروەر لە بزووتنەوەی سۆشیالیستیی ئەمریکیشدا، نەرێتی ڕێفۆرمیستەکان و سەندیکاییەکان بووە. ئەو نەرێتەیش بە قاچی سۆشیال-دیموکراتەکانی ئەوروپاو ئەنارکیستە سەندیکاییەکانی ئەوروپاوە، چوو بووە ئەمریکاوە.

نەریتی سۆشیالیستی لە ئەمریکادا، لە یۆتۆپیاکەی ڕۆبێرت ئۆینەوە دەست پێدەکات، ئەو پیاوە بریتانیەی بە سەرمایەی خۆی، لە ئەمریکادا، لەژێر ناوی نیو هارمۆنیدا، هەوڵ دەدات، لەنێو کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی دابمەزرێنێت، ئەو کۆمەڵگایەی وەک هەڵم دەچێت بە ئاسمانداو وون دەبێت. دوای ئۆینیش، سۆشیالیستە ڕێفۆرمیستەکان، باڵی فراوان بەسەر بازاڕی سیاسەتدا دەگرن. وە لە بری بەرزکردنەوەی ئاستی دروشم و داخوازیەکان، هەموو ئامانجە پرۆلێتاریەکان، نزم دەکەنەوە بۆ ئاستی ڕیفۆرمی سیاسی. بەلای ئەوانەوە، هەروەک برنشتاین: بزووتنەوە هەموو شتێکە، ئامانج هیچ نیە! بۆیە ئەو سۆشیالیستە برجوازیانە، هیچیان پێشکەش بە مێژوو نەکردووە، هەوڵێک نەبێت بۆ بەهێز کردنی پەیوەندیە ئابووریەکانی سیستمی سەرمایەداری و ژیاندنەوەی شێوەی سیاسی نوێ لەگەڵ ئەو پەیوەندیانەداو بە یاسایی کردنی داخوازیەکان بۆ ڕێگرتن لە هەر هەوڵێکی شۆڕشگیری کە ئامانجی برەودان بووە بە بزووتنەوەی پرۆلێتاری.

سۆشیالیزمی ئەمریکی، لە گەلێ مەیلی جیاوازو پڕ لە ناکۆکی ئەوروپیەوە سەرچاوە دەگرێت. زۆربەی ئەو مەیلە جیاوازانەیش، لە کۆچەریە ئەڵمانیەکانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە گەیشتبووە ئەمریکا، ئیتر هەر لە قوتابخانە سۆشیال-دیموکراسیەکەی لاسالەوە تا بە ئەنارکیزمە سەندیکاییەکان دەگات. لاسالیەکان لە ١٨٧٤ دا سۆشیال-دیموکراتی ئەمریکی دادەمەزرێنن. لاسالیەکان و مارکسیستەکانی ئەمریکا کە سەر بە ئینترناسیۆنالیزمی یەکەم بوون و لە ئەوروپاوە گەیشتبوونە ئەمریکا، لە ساڵی ١٨٧٦ دا، حیزبی چینی کرێکاری ئەمریکی دادەمەزرێنن. وە هەر ئەوەندەی لاسالیەکان جڵەوی حیزبیان دەکەوێتە دەست، ئەو ناوە دەگۆڕن بە پارتی کاری سۆشیالیستی ئەمریکا. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە سۆشیالیستەکان، حیزب جێدەهێڵن و دەچنە ڕیزی سەندیکاییەکانەوە.

له ١٨٨١ دا (یەکێتی بازرگانی و سەندیکای کرێکارانی ئەمریکاو کەنەدا) پێکدێت. له ١٨٨٦ دا، به بەشداریی دوان له سۆشیالیسته کۆنەکان، (یەکێتی کاری ئەمریکی) دەخەنە جێگای ئەو ڕێکخراوە. وە ئیتر هەر لێرەوە، بزووتنەوەکە دەکەوێتە باوەشی سەندیکاییەکانەوە، به تایبەت ئەنارکیستەکان.

## یەکی ئایارو ڕۆڵی ئەنارکیستەکان:

له ساڵی ١٨٨٦ دا، نوێنەرانی ٢٠ سەندیکای جیاوازی ئەمریکی، له کۆنگرەیەکدا یەکدەگرن و یەکێک لەو دوو سۆشیالیسته به ناوی ساموێل گۆمپەرز دەکەنە سەرۆکی. ژمارەی ئەو ڕێکخراوە ٤ ملیۆن کەس دەبێت. له بەرامبەریشدا، سەندیکای ئەنارکیسته سەندیکاییەکان به ناوی (سوارچاکەکانی کار) ەوە، هێزیکی گەورە دەبن له بزووتنەوەکەدا. وە هەر ئەوانیش بۆ یەکەمجار، دروشمی ٨ کاژێر کار له دەرەوەی ئەمریکاوە، دەگەیەننە نێو ئەمریکا. وە ئەگەر لایەنێک فەزڵی یەکی ئایاری بۆ بگەڕێتەوە، ئەوە ئەنارکیستەکانن، ئەمە ئەگەرچی هەموو ڕۆژێک له ڕۆژەکانی خەباتی پرۆلیتاریای ئەم زەمینە هەر یەکی ئایارە. خەبات له پێناوی کەم کردنەوەی کاژێرەکانی کاردا، خەباتێکی درێژخایەنی کرێکارانی سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمی بریتانیاو فەرەنسا بووە، خەبات بووە بۆ چاککردنی ژینگەی کارو زیادکردنی کرێی کارو کەم کردنەوەی کاژێرەکانی کار له ١٨ کاژێرەوە بۆ ١٦، ١٤، ١٢، ١٠ کاژێر، وە ٨ کاژێر بۆ منداڵان. بەڵام ئەگەر لەلای ئەم ئەنارکیستانە، یەکی ئایار ڕۆژێکی نموونەیی بێت له خەباتی کرێکاراندا، ئەوا، به پێچەوانەوە، لەلای ئەنارکیسته شۆڕشگێرەکان -وەک پیتەر کرۆپۆتکینی ڕووسی- دەڵێت: ئەنارکیزم له هەموو ڕۆژەکانی خەباتەوە سەرچاوە دەگرێت.

## مێژووی یەکی ئایار:

وا ناسراوە یەکی ئایار له خەباتی کرێکارانی پیشەسازیی ١٨٨٠ ی ئەمریکاوە دەستپێدەکات. بەڵام له ڕاستیدا، باکگراوندی مێژوویی ئەو خەباتە، دەگەڕێتەوە سەر خەباتی کرێکارانی ئوسترالیا که له ساڵی ١٨٥٦ دا، واته چارەکه سەدەیەک بەر له ئەمریکا، بۆ یەکەمجار، داوای دیاری کردنی ڕۆژی کاریان ڕاگەیاندووە. دوای ئوسترالیایش، ئەو ڕۆژانە له کەنەداوە سەرهەڵدەدەنەوە. وە ئەوەی له نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا دەگوزەرا له ئەمریکادا، سەرچاوەکەی له بزووتنەوەی ٩ کاژێریی ١٨٧٠ ی کرێکارانی کەنەداوە له هامڵتن و تۆرۆنتۆوە، هەڵدەگیرێت. له ١٨٨٢ دا، یەکێک له سەرکردە کرێکاریەکانی ئەمریکا، پیتەر ماکگوایر، له یەکێک له ئاهەنگەکانی کرێکارانی تۆرۆنتۆدا بەشداریی دەکات. پیتەر له گەڕانەوەیدا بۆ نیۆرک، له ٥ / ٩ / ١٨٨٢ دا، یەکەمین ئاهەنگی کرێکاران ڕێکدەخات. ئەوکاتەیش بزووتنەوەی پرۆلیتاریای ئەمریکی، هەنگاوێکی گەورەی بڕی بوو. بەڵام هەر لەوێوەو وەک دەرئەنجامی پێکاکێشانەکانی پۆلیس و کرێکاران، بزووتنەوەکە تێپەڕ دەکات بۆ ئاستێکی بەرزتر. بەڵام ئەنارکیسته سەندیکاییەکان، له چوارچێوەی داوادا بۆ ٨ کاژێر کار، بزووتنەوەکە بەند دەکەن.

## هێرشی پۆلیس و له سێدارەدانی ئەنارکیستەکان:

له ٣ ی ئایاری ١٨٨٦دا پۆلیس له کۆمپانیایەکدا، تەقە له خۆپیشاندەران دەکات و یەکێک له خۆپیشاندەران دەکوژن و ژمارەیەکیش بریندار دەکەن. ئەنارکیسته سۆشیالیستەکان، داوای کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی دەکەن بۆ ڕۆژی دوایی له مەیدانی هایمارکت. ئەو ڕۆژە، له ناکاوێکدا بۆمبایەک له نێوەندی پۆلیسدا دەتەقێنرێتەوە. ١٢ کەس دەکوژرێن، لەوانە ٧ کەسیان پۆلیس دەبن. پۆلیس به تەقە بەردەبێته خۆپیشاندەران. وە ئیتر لەوە بەدوا، سەردەمێک له تیرۆر باڵ بەسەر شیکاگۆدا دەکێشێت. ساڵانێک لەوەودوا، پۆلیسێک، لەلای قەشه له کڵێسا، دان بەوەدا دەنێت که ئەو بۆمبایە، پیلانی دەوڵەت خۆی بووەو خودی ئەو پۆلیسە خۆی فڕێیداوەته نێو پۆلیسەکانەوە. بەڵام بەو هۆیەوە، ٨ کەس له ئەنارکیستەکان دەدرێنە دادگا به تۆمەتی هەرەشەو کوشتن و بۆمبا تەقاندنەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی دادگا بتوانێت بیسەلمێنێت که ئەوانە بەو کارە هەستابێتن، ئەوانیش لەو ئەنارکیسته چالاکانە بوون که سەرکردایەتی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانیان کردووە. ساڵی دواتر، ساڵی ١٨٨٧، پێنج کەسیان له سێدارە دەدرێن و چەند کەسێکیان حوکمی ئەبەدی دەدرێن و یەکێکیشیان له زینداندا خۆی دەکوژێت. پێنج کەس لەوانە، ئەڵمانی بوون.

## یەکی ئایار وەک ڕۆژی پشوو:

لە ساڵی ١٨٨٩ دا، لە یەکەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆشیالیستە ڕیفۆرمیستەکاندا لە پاریس، لەسەر پێشنیاری وەفدی ئەمریکی، یەکی ئایار وەک پشووی کرێکاران دەناسێنرێت. بەڵام ئەو ڕێکخراوە، هەر لەوێدا بریار دەدات، جێی ئەنارکیستە سەندیکاییەکان نابێتەوە لەو ڕێکخراوەدا کە بە ئینترناسیۆنالیزمی دووهەم ناسێنرا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کاری ئەو ئەنارکیستانەی کردە ڕۆژێکی فەرمی بۆ داوای ٨ کاژێر کار لە ڕۆژێکدا. لە ١٨٩٣ دا، دادوەرێکی ئەمریکیش، گیانبەختکردووەکانی خۆپیشاندانەکانی ١٨٨٦ دەبەخشێت و ڕایدەگەیەنێت حوکمدانی ئەو ئەنارکیستانە، دادپەروەرانە نەبووە.

## مێژووی ٨ کاژێر کار:

- بۆ یەکەمجار، سۆشیالیستە یۆتۆپیە مەزنەکەی بریتانیا، ڕۆبێرت ئۆین، لە ساڵی ١٨١٠ دا، لە کارگەکەی خۆیدا لە نیو لانارک، یەکەم داوا بۆ ١٠ کاژێر کار پێشنیار دەکات و هەرخۆیشی یەکەم کەس بووە ئەو خواستەی لە کارگەکەیدا وەدی هێناوە. وە هەتا ساڵی ١٨١٧، دروشمی ٨ کاژێر کارکردنیشی داڕێژاوە: "٨ کاژێر کار کردن، ٨ کاژێر چالاکی و کات بردنەسەر، ٨ کاژێریش حەوانەوە".
- بۆ یەکەمجار بریتانیا، لە ساڵی ١٨٣٣ دا، ڕۆژی کاری کردە ٨ کاژێر بۆ مناڵان لە ٩ هەتا ١٣ ساڵان.
- هێشتا کرێکارانی بریتانیا لە خەباتدا بوون بۆ کەم کردنەوەی ڕۆژی کار بۆ ١٠ کاژێر، نیوزلەندە، هەر لە ١٨٤٠ دا، واتە نزیکەی نیو سەدە بەر لە یەکی ئایار، ٨ کاژێر کاری ڕاگەیاندووە. دواتر ئوسترالیا، لە ١٨٤٠-١٨٥٠ دا، ٨ کاژێر ڕۆژی کاری بۆ کرێکارانی شارەزا ڕاگەیاندووە. لە ١٨٥٦ دا، ئوسترالیا ٨ کاژێر ڕۆژی کار بۆ گەنجان ڕادەگەیەنێت لە کەرتی حکومیدا.
- ئینترناسیۆنالیزمی یەکەم، لە ساڵی ١٨٦٦ دا، واتە دوای نیو سەدە لە ئۆین، داوای دیاری کردنی ٨ کاژێر کاری خستوتە بەرنامەی کاریەوە.
- لە ١٨٨٦ دا، لە شیکاگۆدا ٤٠٠ هەزار کرێکار لە مانگرتندا دەبن بۆ کەم کردنەوەی کاژێرەکانی کار. بەڵام ٤٥ هەزار کرێکار، بەبێ هیچ خۆپیشاندان و مانگرتنێک، بەبێ هیچ خەباتێک، ڕۆژی کاریان بۆ کورت دەکرێتەوە.
- بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٩ دا لە بەرشلۆنە، ئیسپانیا، بە یاسا، ڕۆژی کار دەکرێتە ٨ کاژێر بۆ هەموان.

تا ئێستایش لە گەلێ لەو وولاتانەدا کە بە یاسا، ڕۆژی کاریان کردۆتە ٨ کاژێر، هەفتەی کار هەر بریتیە لە ٦ ڕۆژ، واتە ٤٨ کاژێر کار لە هەفتەیەکدا. بەڵام هێنری فۆرد، خاوەنی کۆمپانیای فۆردی ئەمریکی، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، هەفتەی کاری کەم کردەوە کە ئەوە تا ئێستا گەورەترین هەنگاوە لە کەم کردنەوەی کاژێرەکانی کاردا.

## هێنری فۆردو ڕۆژی کار:

لە ٢٥ / ٩ / ١٩٢٦ دا، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، هێنری فۆرد، خاوەنی کۆمپانیای ئۆتۆمۆبێلی فۆردی ئەمریکی، لە کارگەکەی خۆیدا، هەفتەی کاری کورت کردەوە. بەوەیش فۆرد ٤٠ کاژێر کاری ڕاگەیاند لە هەفتەیەکدا. واتە ٨ کاژێر لە ڕۆژێکدا، وە ٥ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا. لەم ڕۆژگارەدا ٥ ڕۆژ کار کردن، گەلێ جێگای ئەم جیهانەی گرتوتەوە. بەڵام ئەمە هەرگیز، وەک وولاتانی تری سەرمایەداریی، بە سۆڤیەتدا تێنەپەڕی.

## یەکی ئایارو سۆشیال-دیموکراتە مارکسیستەکانی ڕووس:

بۆ شاردنەوەو بیربردنەوەی هەموو بزووتنەوە پرۆلێتاریە شۆڕشگێرەکان، سۆشیال-دیموکراتە مارکسیستەکانی ڕووس، دوای دەستگرتنیان بەسەر دەسەڵاتداو دواتریش دوای داگیرکردنی ئەورووپای خۆرهەڵات، دەکەونە دەهۆڵ ژەندن بۆ یەکی ئایارو ناساندنی وەک ڕۆژێکی پیرۆز لە مێژوودا. ئەمە لە کاتێکا سۆڤیەت خۆی، دوای هەموو جیهان، ڕۆژی کاری کردۆتە ٨ کاژێر. بەڵام بەردەوام، بە بیانووی جەنگ، لە هاتووچۆدا بووە لە نێوان ٥ ڕۆژو ٦ ڕۆژ کار لە هەفتەیەکدا. دوای جەنگ، واتە لە

١٩٤٦ بەدواوە کە دەکاتە زیاتر لە ٦٠ ساڵ دوای خەباتی کرێکارانی ئەمریکا، ڕۆژی کار لە سۆڤیەتدا دەبێتە ٧ کاژێر، بەڵام ٦ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، واتە ٤٢ کاژێر لە هەفتەیەکدا. بەڵام کرێی کار بە پارچە (الاجور بالقطعة) کە لە داهێنانی لینین بووە، هەتا کۆتایی ساڵانی سیەکانی سەدەی ڕابووردوو، بەردەوام دەبێت لە سۆڤیەتدا. ئەمە ئەگەرچی سۆشیال-دیموکراتە مارکسیستەکانی ڕووس، بەردەوام لە گەورە کردنی یەکی ئایارو لەبیر بردنەوەی پرۆگرامی مێژوویی پرۆلیتاریادا بوون، ئەو پرۆگرامە مێژووییەی لە کۆمۆنەی ساڵی ١٨٧١ ەوە خرایە مێژووەوە. وە ئەوەی سەبارەت بە سۆشیالیستەکان گرنگەو بایەخێکی مێژوویی هەیە، گەڕانەوەیە بۆ پرۆگرامە میژووییەکەی کۆمۆنە نەک خەباتی ڕۆژانە کە تا سەرمایەداریی مابێت، بەردەوام دەبێت.

مارکس واتەنی:

"نابێت چینی کرێکار، دەرئەنجامی کۆتایی ئەم خەباتە ڕۆژانەیەی، گەورەتر لە خۆی نیشان بدات. واتە نابێت لە بیریان بچێت ئەوان لەو خەباتەیاندا، تێدەکۆشن دژی دەرئەنجامەکان نەک دژی هۆکارەکانی ئەو دەرئەنجامانە ... دەبێت تێبگەن ئەم سیستمەی ئێستا، لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەدا کە دەیسەپێنێت بەسەر چینی کرێکاردا، لە هەمانکاتدا *مەرجی ماتریالیستی و فۆرمی کۆمەڵایەتی* پێویستی بۆ ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگا، تێدا لە دایک دەبێت. بۆیە لەبری ئەم دروشمە محافیزکارە: *"کرێی کارێکی ڕۆژانەی دادپەروەر بۆ ڕۆژێک کاری دادپەروەر!"* لەسەریانە لەسەر ئاڵاکەیان ئەم دروشمە شۆڕشگێرە هەڵبکەن: *"هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کرێگرتە!"*".

## یەکی ئایار: لە شۆڕشەوە بۆ کۆمیدیا

دەمێکە سۆشیالیستە محافیزکارەکان و زۆربەی حکومەتە برجوازیەکانی جیهان، پێکەوە یادی یەکی ئایار دەکەنەوە. دەربارەی ئەم جۆرە سۆشیالیستانەی بەردەوام لە ڕیزەکانی کرێکاراندا وەهەم بڵاو دەکەنەوە، مارکس لە باسەکانیدا دەربارەی سۆشیالیستەکانی ئەڵمان، ئەم تابلۆیە نیشان دەدات:

"ئێمە بەکردەوە بەشداریمان کردووە لە گێڕانەوەی هەندێک لەو بارودۆخە کۆنەپەرستانەدا .. کە نەتەوە هاوچەرخەکان بەخۆیانەوە بینیوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هەرگیز بەشداری شۆڕشەکانیانمان کردبێت ...

... وانە بە سوودەکانی ئەو نەتەوانەیش ئەوەیە ئەو سیستمە کۆنەی تێدا ببینن کە تراژیدیاکەی خۆیی بینی، وە هەر ئەوەیشە سەرلەنوێ سەر هەڵدەداتەوەو ڕۆڵێکی کۆمیدی دەگێڕێت ... لە بەرامبەریشیدا، سیستمەکەی ئێستا کە سەردەمی بەسەرچووە، وە ناکۆکە ناکۆکیەکی توند لەگەڵ هەموو ئەو بەدیهیاتانەدا کە لە جیهاندا دانی پێدانراوە، نەک هەر باوەڕی بەخۆیەتی، بەڵکو داوایش لە جیهان دەکات دوای ئەو وەهمەی ئەو بکەون .. ئەو سیسمە کۆنە مۆدێرنە، هیچ نیە تەنها ئەکتەرێکی کۆمیدی سیستمێکی سیاسی نەبێت کە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی مردوون .. ئەوە کۆمیدیای قۆناغێکی بەرزی ئەو شێوەیە کە مێژووی جیهان جێیهێشتووە ...

... ئەمە نموونەیەکە کە چۆن مێژووی ئێمە، وەک سەربازێکی نەزان، هێشتا لە سەرێتی ڕاهێنانی زیاتر لەو شتە مێژووییە کۆنانەدا بکات کە بەسەرچوون .. وە هەر ئەوەیشە سەرلەنوێ، لە ئەڵمانیادا [لە خۆرهەڵات و لە کوردستانیش] سەرهەڵدەداتەوەو ڕۆڵێکی کۆمیدی دەگێڕێت" (کارل مارکس، نقد فلسفة الحق عند هیغل).

بەڵێ، مێژووی ئێمە، ژیانی سەربازێکی نەزانە کە هەر خەریکی مەشق و خۆڕاهێنانە لەسەر خواست و داخوازیە مێژووییە کۆنەکان، ئەو داخوازیانەی لە مێژە بەسەرچوون، ئەو داخوازیانەی تراژیدیاکەی خۆیانیان بینیوەو سەرهەڵدانەوەیان هیچ نیە کۆمیدیای ئەو خواستە بەسەرچووانە نەبێت کە سەرمایەداریی لە خۆیدا کۆنی کردن. بۆیە لە کاتێکا ئەو کرێکارو خەباتگێڕانەی خۆیان کردە قوربانی لە پێناوی هاوڕێ و هاوخوینەکانیاندا، جێگای ڕێزو شانازی شۆڕشگێرانی ئەم جیهانەن، هەر لەوکاتەدا، دەرس و تاقیکردنەوە مێژووییەکان، هانمان دەدەن، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینە ڕابووردووی بزووتنەوە پرۆلیتاریەکان. وە دەبێت هەنگاوی داهاتووی سۆشیالیستەکان، لەو خاڵەوە بێت، کە پرۆلێتێرە سۆشیالیستەکان لە ڕابووردوودا بۆیان جێهێشتوون. ئەمە ئەگەر دەیانەوێت گیان نەکەنەوە بە بەر تاقیکردنەوەی سۆشیالیستە ڕیفۆرمیستەکانی پێش خۆیاندا. ئەوەی

جێی سەرنجی سۆشیالیستەکانە، دەرسەکانی شۆڕشە، ئەو شۆڕشانەی ناکەونە سەرپێ، ڕووبەڕووی هێرشی دژە شۆڕش دەبنەوە. بەشێکی گەورەی ئەو دژە شۆڕشە، سۆشیالیستە برجوازیەکانن[1] کە هەمیشە وەک پۆلیسی نهێنی لە ڕیزەکانی پرۆلێتاریادا هەڵدەسووڕێن. وە تا ئێستایش دەبێت بەو چاوە مێژووییە بڕوانینە شۆڕش کە ئەوە شۆڕش نیە شکستی خواردووە، ئەوە پاشماوەی نەریتە کۆنەکانی بەر لە شۆڕشە، پاشماوەو هەروەها بیری ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەن کە هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتبوون و نەگەیشتبوونە ئاستی پێویست لە توندوتیژی و ناکۆکیە چینایەتیەکاندا، ئەوە کەسەکان و وەهمەکانیانە شکستیان خواردووە نەک شۆڕش. وە شۆڕش بە تێپەڕبوون بەسەر ئەو وەهمانەدا، دەچێتە پێشەوە نەک بگەڕێتە دواوە. ئەمە بە ڕەخنەگرتن لە خۆی و لە کەسەکانی، بە خۆدابڕان لە هەر نەریتێکی ڕێفۆرمیستی. شۆڕشگێرانیش هەرگیز لەوە سڵ ناکەنەوە کە خاڵە لاوازەکانی ڕابووردووی بزووتنەوەکەیان بخەنە بەر تیشکی ڕەخنەیەکی شۆڕشگێرانەو کۆششە سەرەتاییەکان وەک قوتابخانەیەکی سەرەتایی ببینن، وەک فێرگەیەک کە ڕاهێنانە سەرەتاییەکانی لێوە فێر دەبن.

## پوختە:

هەموو ڕۆژەکانی ژیانی کارگەران یەکی ئایارە. بەدرێژایی ٢٠٠ ساڵی تەواویش، هەموو ڕۆژێک لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا، کۆمەڵێک لە کرێکاران، لەسەر شەقامەکاندا بوون و داوای کەمکردنەوەی کاژێرەکانی کاریان کردووە. بۆیە هەموو ڕۆژەکانی خەبات، شایستەی ڕێزن نەک هەر یەکی ئایار، ئەمەیش بەو واتایەی ئەوە ململانێی چینایەتیە؛ بۆتە دینەمۆی پاڵپێوەنەری مێژوو، هەر ئەو ڕۆژانە، لە مێژە خواستە سەندیکاییەکانی یەکی ئایاریان کۆن کردووەو گەیشتوونەتە ئاستی داخوازیی ٦ کاژێر کارکردن لە ڕۆژێکدا.

لە ماوەی ١٥ ساڵی ئەم دواییەدا، یەکێک لە کۆمپانیاکانی تۆیۆتا لە سوید، ڕۆژی کاری کردۆتە ٦ کاژێر بۆ کرێکارەکانی. ژمارەیەکی تریش کۆمپانیا لە سویددا، ٦ کاژێر کار پراکتیزە دەکەن. بەردەوامیش وولاتی سوید بەتایبەتی و جیهان بەگشتی، باس لەوە دەکەن کە ٦ کاژێر کار، ئایندەیەکی نزیکە. وە هەموو ئەو کۆمپانیایانەیش باس لە وەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر دەکەن لە بیزنزەکەیاندا بەهۆی کورت کردنەوەی ڕۆژی کارەوە. چڕی کاتی کارو پراکتیزەکردنی بەرهەمهێنانی زێدەی بەهای ڕێژەیی، واتە کورت کردنەوەی کاتی کاری پێویست بە بەراوورد لەگەڵ کاتی کاری زیادەدا کە بەرهەمی گەشەی تەکنۆلۆژیایە، بەسە بۆ ئەوەی دەیان و سەدانجار، قازانجی سەرمایەدار بەرز بکاتەوە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی ١٨٨٦ دا. وە هەر ئەو تەکنۆلۆژیایە، ئیدارەی کاریشی ڕووبەڕووی کرێکاران خۆیان کردۆتەوە، واتە لە بری پەنا بردن بۆ (ئیدارە زانستیەکەی تایلۆر)، خودی کرێکار خۆی، چاودێرە بەسەر خۆیەوە، بەڵام بەو تەکنۆلۆژیایەی خۆی دروستی دەکات و خۆیشی بەکاریدەهێنێت، ئەو تەکنۆلۆژیایەی هەمیشە تەرازووەکە بەلای سەرمایەداردا دەشکێنێتەوە.

کارل مارکس بەر لە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەنووسێت:

"پێشکەوتنی پیشەسازی مۆدێرن، دەبێت پلە بە پلە تەرازووەکە لە بەرژەوەندی سەرمایەدار وەرگێڕێت دژی کرێکار، وە هەر بەو شێوەیە، ئاراستەی گشتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئەوە نیە کە ئاستی مامناوەندیی کرێی کار بەرز بکاتەوە، بەڵکو نزمی دەکاتەوە، یان کەم تا زۆر، پاڵ بە *بەهای کارەوە* دەنێت بەرەو نزمترین ئاستی" (کارل مارکس، بەهاو نرخ و قازانج).

کەواتە مەسەلەکە بەم جۆرەیە:

---

[1]. سۆشیالیزمی خۆپارێز یان سۆشیالیزمی برجوازی: کارل مارکس دەنووسێت: سۆشیالیزمی برجوازی، کاتێک داوا لە پرۆلێتاریا دەکات بۆ وەدی هێنانی ئەو سیستم و بنکەیە، بەوە داوایان لێدەکات بگەڕێنەوە بۆ سەر زەویە کۆنەکە، بەڵکو ڕاستتر، داوایان لێدەکەن ڕازی بن و ئەم کۆمەڵگایە بە بەس بزانن، بەڵام واز لەو چاوە ڕقاویە بهێنن کە سەیری ئەم کۆمەڵگایەی پێدەکەن ... ئەم سۆشیالیزمە هەرگیز مەبەستی گۆڕینی بارودۆخی ژیانی ماتریالیستی و ڕووخاندنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی برجوازیەت نیە کە بەهیچ جۆرێک وەدی نایەت بە شۆڕش نەبێت، بەڵکو مەبەستیان وەدی هێنانی ڕێفۆرمی ئیداریە لەسەر خودی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی برجوازیەت خۆی / کارل مارکس

"ئەگەر ملیۆنان کەس لە پرۆلێتێرەکان لە هیچ حاڵێکدا، لە مەرجەکانی بژێویان ڕازی نەبن .. ئەوا هەرچۆنێک بێت، ئەو ملیۆنان پرۆلێتێرە، ڕایەکی جیاوازیان دەبێت لەم مەسەلەیەدا، ئەمەیش لە کاتی خۆیدا بە مێتودێکی بە کردەوە، دەسەلمێنن .. واتە بەهۆی شۆڕشێکەوە" (مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة).

خۆئەگەر پرۆلێتێرەکان ناکۆک نەبن بە مەرجەکانی ژیانیان، ئەوا ڕازی دەبن بەو نانەسکیەی سەرمایە دەیانداتێ. وە سۆشیالیستەکانیش ناتوانن ڕۆڵێکی بە کردەوە بگێڕن تەنها لە سەردەمی قەیرانەکان و پێکا هەڵپژانە توندوتیژە چینایەتیەکاندا نەبێت. ئەوکاتەیش ئیتر کاتی جەنگی چینایەتیە لە پێناوی یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی کارو سەرمایەدا نەک کەم کردنەوەی کاژێرەکانی کار. مارکس واتەنی:

**"لەبەر ئەوە ئەگەر نوێنەرە تیۆریستیەکانی پرۆلیتاریا ئارەزوومەندی ئەوەن چالاکیە ئەدەبیەکانیان کاریگەریەک جێبهێڵێت، ئەوا لەسەریانە بەر لە هەرچی، پێداگری لەوەدا بکەن هەموو ئەو دەستەواژانە بسڕنەوە هۆشمەندیی بەرامبەر ئەو ناکۆکیە توندوتیژە لاواز دەکات، هەموو ئەو دەستەواژە ووشکانەی ئەو ناکۆکیە پەردەپۆش دەکەن" (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة).**

لە کۆتاییدا:

قەیرانەکان هەر فراوانتر دەبن، بەردەوام دووبارە دەبنەوەو درێژ دەبنەوە، بەردەوامیش توندوتیژییە چینایەتیەکان بەهێزتر دەبن. بە پێشچاویشمانەوە، بەردەوام بازاڕی جیهانی دێتەوەیەک، وە هەمیشە بازاڕ کەمتر دەبێتەوە بۆ بەکارهێنان و خستنەگەڕی سەرمایەی نوێ. هەموو قەیرانێک لە قەیرانەکانی ڕابووردوو، بازاڕێکی نوێیان لە بەردەم سەرمایەی پیشەسازی و بازرگانی جیهانیدا کردۆتەوە، بەڵام ئەو بازاڕە، لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیاو ئاسیاو ئەفریقیادا، بە تەواوی دەستی گیراوە بەسەرداو چیتر بواری سەرمایەگوزاری نەهێشتۆتەوە بۆ ئەو سەرمایەداریە زەبەلاحەی هەموو گۆی زەوی و بۆشاییەکانی ئاسمانیشی خستۆتە ژێر دەستی خۆی. بەر تەسک بوونەوەی بازاڕیش، هۆکاری گەورەی دەرکەوتنی هێزی زیاتری تەقینەوەی قەیرانەکان و جەنگە سەرمایەداریەکانە. ئەو قەیران و جەنگانە، پێشینەی مێژوویی ڕاپەڕینە کرێکاریە مەزنەکانن. وە هەر ئەوەیش خاڵی دەستپێکردنی سۆشیالیستەکانە. مەسەلەکەیش سەبارەت بە پرۆلێتاریا مەسەلەی موڵکیەتەو چیترنا، وە خەباتی ڕۆژانەی پرۆلێتێرەکانیش، لە سیستمی سەرمایەداریی جیاناکرێتەوە. بوونی سیستمێک بە ناوی سەرمایە، بوونی هەڵبەزودابەزی نرخی هێزی کارو شەکەت کردنی هێزی کارو کەم کردنەوەی کرێی کارە، بۆیە خەباتی ڕۆژانە، شەڕێکی نەوەستاوو بەردەوامە لەم سیستمەدا. بەڵام مەسەلەکە لە هەموو کاتێکدا مەسەلەی موڵکیەتە.

کارل مارکس دەڵێت:

"بەدڵنیاییەوە کارگەران .. لەسەریانە داخوازیەکانیان بکەنە هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆ دژی موڵکداریتی تایبەتی .. لەسەریانە بەرامبەر بە حکومەتی ڕەسمی، لیژنەی خۆبەڕێوەبردنی ناوخۆیی و ئەنجوومەن دابمەزرێنن و سەرکەون بەسەر نفوزی برجوازیە دیموکراسیەکاندا" (کارل مارکس، نامەیەک بۆ ئەندامانی: کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان).

سەرچاوە:


1)
https://fraser.stlouisfed.org/files/docs/publications/bls/bls_0651_1938.pdf

2)
http://da.se/2017/01/har-tjanar-alla-pa-sex-timmars-arbete

3)
**https://www.marxists.org/history/erol/ncm-1a/mlc-split/chapter-1.htm**

# ٦ کاژێر ڕۆژی کار ئایندەیەکی نزیکە




تیۆتا، موێلندال، سوید